پرسیار

1

السلام علیک کاک ئوسامەی ئازیز
پرسیارێکم هەیە لەسەر ئەو قەولەی
ابن تیمیه کە حەمدانیە عومیەکان
کردیانە بەڵگە دەڵێن ابن تیمیه
تحاکمی لەکاتی زەروری بە کوفر
نەزانیوە بۆیە منیش وتم پرسیار لە
جەنابتان بکەم لەسەر ئەو قەولەی
کە دەڵێ ئیبن تەیمیە دەفەرموێت
ئەگەر مرۆڤێک نەتوانێت شەریعەت
جێبەجێ بکات یان ڕێگەی تری
نەبێت، ئەوا خودا سزای نادات.
«لأنه لا واجب مع عجز، ولا محرم
مع ضرورة» (مجموع الفتاوى، ٢٠/
٢٠٤).
واتە: "هیچ ئەرکێک نییە لەگەڵ
بێتواناییدا
وە هیچ حەرامێکیش نییە لە کاتی
ناچاریدا
بەڵگەی "نەجاشی" (پادشای
حەبەشە)
ئیبن تەیمیە باسی نەجاشی دەکات
کە ئیمانی هێنابوو، بەڵام چونکە
لەناو گەلێکی کافردا بوو، نەیدەتوانی
حوکمی قورئان جێبەجێ بکات و

2

«والنَجَاشي ما كان يمكِنه أن يَحكمَ
بحكم القرآن؛ فإن قومَه لا يقِرونَه
على ذلك... فما لم يبلغه أو عجز عنه
من الشرائع لم يؤاخذ به» (مجموع
الفتاوى، ١٩/ ٢١٧-٢١٨).

بەڵگەی "پێغەمبەر یوسف (س.خ)"
ئیبن تەیمیە دەفەرموێت یوسف لە
میسر لەژێر دەستی پادشایەکی
کافردا بووە و نەیتووە چونکە
حوکمەکە نائیسلامییە واز لە
بەرپرسیارێتی دەهێنم، بەڵکو بۆ
بەرژەوەندی خەڵک و لادانی ستەم
کارەکەی وەرگرتووە.

«كذلك يوسف مع أهل مصر... فإنه
فعل من العدل والإحسان ما قدر
عليه، ودعاهم إلى الإيمان بحسب
الإمكان» (مجموع الفتاوى، ٢٠/ ٥٦).

وەرگرتنەوەی ماف لە حاکمی
ستەمکار
ئیبن تەیمیە باس لەوە دەکات ئەگەر
کەسێک ستەمی لێ کرا و تەنها لە

3

وەرگرتنەوەی ماف لە حاکمی
ستەمکار
ئیبن تەیمیە باس لەوە دەکات ئەگەر
کەسێک ستەمی لێ کرا و تەنها لە
ڕێگەی حاکمێکی نادادپەروەرەوە
مافەکەی وەرگیرایەوە، ئەوا
دروستە، بەو مەرجەی تەنها مافی
خۆی ببات.

«فإن حكم القاضي لا يحل الحرام
في باطن الأمر عند جماهير العلماء،
فإذا حكم له بمالٍ يعلم أنه لا
يستحقه لم يحل له أخذه» (مجموع
الفتاوى، ٣٥/ ٣٦٨).
إن شاء الله ڕونکردەوە بدەیت
لەسەر ئەمە ئەمەیان کردە بەڵگە
وتیان ئێوە عوزر نادەن لەو بابەتە
کەوانە ابن تیمیەش تەکفیربکەن جا
ڕاستی ئەم قەولانە دەبێ بە
تێگەشتنەوە وەرگیرێن منیش تۆ بە
اهلی علیم ئەزانم بۆیە ڕونی
بکەرەوە بە پۆست بێت یان بە نامە
بێت زۆر زەرورە بارک الله فیک

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی (شارەزووری)

وەڵام

وعلیـکم السـلام ورحمة الله وبرکاته براگیـان
ئەوبابەتەی نەجاشی بە دووپۆستی تێروتەسەل ڕوونم کردۆتەوە گەر ویستت پۆستەکەت بۆئەنێرم ان شاء الله تائەو سیحرەی حەمدانی ومەدخەلیانە بەتاڵ بێتەوە

بـەڵام پێش ناردن پۆستەکە سەرنج ی ئەوقسەی ابن تیمیە بە لەسەر نەجاشی (لانە لاواجب مع العجز ولامحرم عند الضرورة)
شێخ ی ئیسلام مەبەستی ئەوەیە کردنی واجبێک یان حەرامێـک لەکاتی ناچاریدا لەکاتی زەڕوڕەت وپێویستیدا جائیزە

بـەڵام نەیفەرمووە کردنی کوفری گەورە وشەریکدانان بۆالله تعالی وتحاکم بۆلای طاغوت لەناچاریدا جائیزە چونکە لەلای ابن تیمیە کوفرکردن لەناچاریدا جائیزنابێت بەڵگەشمان وتەی ابن تیمیە خۆیەتی

شێخ ی ئیسلام ابن تیمیە رحمە الله لە الفتاوی [471-14/470] دەفەرمووێت : (إن المحرمات منها ما يقطع بأن الشرع لم يبح منه شيئا لا لضرورة ولا غير ضرورة كالشرك والفواحش والقول على الله بغير علم والظلم المحض)

هەندێ لەحەرامکراوەکان لەشەرعدا بەهیچ شێوەیەک ڕێگەنەدراوە بەئەنجام دانیان نەبۆ زەڕوڕەت ونەبۆ غەیری زەڕوڕەت وەک شەریکدانان بۆالله وزینا و قسەکردن بەناوی الله ەوە بەبێ علم و ستەمی ڕوون .

تحاکم لەلای ابن تیمیە لەحەرامکراوە کوفریەکانە شێخ الاسلام ابن تیمیە زۆر زۆر جوانتر ڕونی ئەکاتەوە ئەفەرموێت : (فإذا كان النفاق يثبت ويزول الإيمان بمجرد الإعراض عن حكم الرسول وإرادة التحاكم إلى غيره , مع أن هذا ترك محض , وقد يكون سببه قوة الشهوة , فكيف بالنقص والسب ونحوه ؟ !)صارم المسلول

جاکە نیفاق بچەسپێت و ئیمان لابچێت #تــەنها لەبەر پشت هەڵکردن لەحوکمی پێغەمبەر و ویستنی #حوکم_گێڕانەوە بۆجگە لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەکاتێکدا ئەمە تەنها وازهێنانە وە پاڵنەرەکەی هێزی شەهوەتە ئەی چجای حوکمەکەی بەکەم دابنێت و جنێوی پێ بدات وهاوشێوەی ئەمانە.

کەواتا لەلای ابن تیمە کوفر بۆزەڕوڕەت حەڵاڵ نابێت تحاکم لەلای ابن تیمیە گەر بەاعتقادیشەوە نەبێت کوفرە نەک مجرد حەرام بێت وکوفرنەبێت

کەواتا بـائەوان بتوانن وتەیەک بهێنن لەابن تیمیە ئاوا بەڕوونی بڵێت کوفر لەناچاریدا حەڵاڵە چونکە ئێمە ئەوەتا وتەی ابن تیمیەمان هێنا ئەفەرموێت لەناچاریدا کوفر حەڵاڵ نابێت

② پاشان کەباسی نەجاشی ئەکات شێخ ی ئیسلام باس لەوەئەکات نەجاشی هەموو حوکمی ئیسلامی پێنەگەیشتوە وبۆیە نەیتوانیوە حوکم بەهەمووی بکات ئەسڵەن ئاشکراترین حوکمی ئیسلام لەبارەی نوێژەوە پێی نەگەیشتبوو ئیتر چۆن حوکمی پێ بکات

نەجاشی تائەوکاتەی لەژیان بوو هەموو یاسا دابەزێنراوەکانی ئیسلامی پێ نەگەشتبوو تەنانەت ئاشکراترین یاسای ئیسلام قەدەغەکردنی قسەیە لەناو نوێژ نەگەشتبوو بەموسڵمانانی حەبەشە

ابن مسعود دەفەرموێت : (كنَا نسَلِم علَى رَسولِ اللهِ صَلَى اللَه عليه وسلَمَ وهو في الصَلَاةِ، فَيَرد عَلَينَا، فَلَمَا رَجَعنَا مِن عِندِ النَجَاشِيِ، سَلَمنَا عليه فَلَم يَردَ عَلَينَا، فَقلنَا: يا رَسولَ اللهِ، كنَا نسَلِم عَلَيكَ في الصَلَاةِ فَتَرد عَلَينَا، فَقالَ: إنَ في الصَلَاةِ شغلًا) البخارى1119

ئێمە سەلامان لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەكرد لەناو نوێژدا ئەویش وەڵامی ئەیاینەوە بەڵام كاتێ لەلای نەجاشی گەڕاینەوە بۆلای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سەلامان لێ دەكرد لەناو نوێژدا وەڵامی نەئەیاینەوە وتمان ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێشتر سەلاممان دەكرد وەڵامت ئەیاینەوە لەوەڵامدا فەرمووی نوێژخوێن ئەبێت سەرقاڵی نوێژەكەی بێت .

كەواتا دیارترین وئاشكراترین یاسای نوێژ نەگەشتبوو بەنەجاشی وموسڵمانانی حەبەشە ئەمەش مانای ئەوەیە زۆربەی یاساكانی ئیسلام نەگەشتوە بەنەجاشی

وه عطاء وقتادة فەرموویانە (أن النجاشي كان يصلي إلى بيت المقدس إلى أن مات) نەجاشی ڕووی لە بيت المقدس دەکرد بۆنوێژ تامرد (واتا گۆڕینی یاسای قیبلەی پێ نەگەشتبوو) شرح عمدة الفقه" (4/ 548).

ابن تيميه دەفەرموێت لەمنهاج السنة النبوية (5/111): (فالنجاشي وأمثاله سعداء في الجنة.. بل كانوا يحكمون بالأحكام التي يمكنهم الحكم به")

نەجاشی و هاوشێوەکانی بەختەوەرن لەبەهەشت ... #بەڵکو حوکمیان بەو یاسایانەی ئیسلام کردوە کەتوانیویانە حوکمی پێ بکەن (واتا ئەو یاسایانەی لەئیسلام پێیان گەیشتوە و دەسەڵاتی جێ بەجێکردنیان بوە جێ بەجێیان کردوە و وازیان لێ نەهێناوە ئەمما تواناى هیجرەتی نەبوە و یان هەندێ یاسای ئیسلامی پێ نەگەیشتوە لۆمە ناکرێت)

دواتر فەرموون بەسەنەدی صحيح بۆمان بسەلمێنن نەجاشی حوکم بەغیری ماانزل الله کردبێت

پاشان من بەمەدخەلیەکان وحەمدانیەکان دەڵێم

ئایا حوکـامی ئەمڕۆ دینیان پێ نەگەیشتوە؟

ئایا بانگەوازی موەحیدانیان پێ نەگەیشتوە؟

ئایا حوکامی ئەمڕۆ لەسەرچی موەحیدان دەگرن ؟

ئایـا حوکامی ئەمڕۆ قورئان وسونەت بەتەفسیری کوردی وعەرەبی و هەموو زمانێک لەبەر دەستیان نیە؟

ئـایا هیچ یاسایەکی ئیسـلام ماوە نەگەشتبێت بەم وڵاتانە؟

بێــگومان ئیسلام بەکامڵ ی گەشتوە بەم وڵاتانە وبەهەموو زمانێ تەفسیرکراوە و بەڵکو بەدەنگیش بەگوێی هەموو خەڵکی دراوە

③ باسی یوسف علیه السلام

فەرموویەتی یوسف ئەوەنەی لەتوانای بوە عەدل واحسان ی جێ بەجێکردووە وخەڵکیشی بۆبانگ کردووە بەدەقی ئایەت یوسف حوکمی بەشەرعی الله کردووە و حوکمی بەیاسای پاشا نەکردووە

کەواتا وتەکەی شێخ ی ئیسلام مانای ئەوەنیە بڵێت یوسف لەناچاریدا حوکمی بەغیری شەرع کردووە چونکە الله تعالی فەرموویەتی : ﴿مَا كَانَ لِيَأۡخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ ٱلۡمَلِكِ
هەموو زانایانی تەفسیر ئەفەرموون واتا بەیاسای پاشا حوکمی نەکردووە بەدەقی ئەوئایەتە جاهەرکەس بڵێت یوسف حوکمی بەغیری شەرعی الله کردووە ئەوا ئەوئایەتەی الله ی بەدرۆ داناوە وتەکەی شێخ باس لەوەئەکات یوسف هەموو توانای خۆی خستۆتەگەڕ بۆجێ بەجێکردنی عەدل واحسان واتا تاتوانی بوە بانگەوازی خەڵکی بۆئیمان کردووە نەیفەرمووە یوسف ڕۆشتوە لەبەرناچاری حوکمی بەغەیری شەرع کردووە

④ وەرگرتنەوەی مافی خۆت لەلای حاکمی ستەمکار جیاوازە لەتحاکم بۆلای حاکمی طاغوت چونکە هەموو طاغوتێ ستەمکارە بەڵام هەموو ستەمکارێ طاغوت نیە

بەڵکو موسڵمان هەیە ستەمکارە بۆیە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی کردووە خروج لەدەسەڵاتداری ستەمکاری موسڵمان نەکرێت تاکوفری لێ ئەبینرێت

جالێرەدا شێخ نەیفەرمووە جائیزە حوکم بەریتەوە بۆلای طاغوتێ ستەمکار بەڵکو باسی قاضی شەرعی ئەکات باس حاکمێک ئەکات لەبابەتێکدا حوکم بەپێچەوانەی شەرع ئەکات ئەفەرموێت گەر قاضی لەبابەتێکدا حوکمێکی ـدا وە زانرا ئەو مافە شایستەی تۆنیە ئەوا جائیزنیە وەری بگریت چونکە جمهوری زانایان فەرموویانە حوکمی قاضی نابێت بەهۆی ئەوەی حەرامێک پێت ڕەوابێت.

کەواتا باسی لەقاضی شەرعی ئەکات کەلەبابەتێک حوکمێک ئەیا پێچەوانەی شەرعە ماڵێکت پێ ئەیات کەلەشەرعا مافی تۆنیە شیخ ئەفەرموێ جائیزنیە ئەوماڵە وەربگریت

شێخ ئەوەنەی فەرمووە نەیفەرمووە گەر طاغوتێ شەرعی الله ی گۆڕی بوو بۆوەرگرتنەوەی مافی خۆت تحاکم ی بۆلا ببەرەوە بەڵکو باس لەقاضی موسڵمان ئەکات کەلەقەزیەیەکدا ستەم ئەکات جائیزنیـە لەوقەزیەیەدا بەقسەی بکەیت ئەوەندەی فەرمووە لەونوسینەی کەناردووتە